# سەرگوزشتەی پێشهاتەکان لە باکوری عێراق

**جەواد ئاکچالی**
**و. لە تورکییەوە: بەکر شوانی**

خوالێخۆشبوو تورگوت ئوێزال خاوەن چەند بیرۆکەیەک بوو سەبارەت بە باکوری عێراق و دەیویست تورکیا لە پێکهاتەکانی ئەویدا کاریگەری هەبێت. کاتێک ئوێزال ئەم ئارەزووەی خۆی بەیان کرد، هەندێک هەنگاوەکەی ئەویان بە شێوەی "یەک دابنێ و سێ هەڵبگرە" لێکدایەوە. ئەوەی تورگوت ئوێزال لەسەری خۆیدا بیری لێدەکردەوە، بەمجۆرە بوو: *دامەزراندنی هەرێمێکی دوور لە کاریگەری و زەبری سەدام و کۆنترۆڵ کردنی لەلایەن تورکیاوە. ئەو هەرێمەکەی بە "بەهەشتی ئارام" ناو دەبرد و لە کاتی پێکهێنانیشیدا، دەبووایە لەلایەن هێزەکانی تورکیاوە کۆنترۆڵ بکرایە.*

ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی داخوازەکەی ئوێزالیان پەسەند کرد و ڕەزامەندی خۆیان لەسەر دەربڕی، بەڵام بڕیاریان دا کە لە جیاتی تورکیا، هێزەکانی خۆیان هەرێمەکە کۆنترۆڵ بکات و پرۆسەی بەناوبانگی هێزی چەکوش بەو جۆرە دەستی پێکرد.

گفتوگۆ دەربارەی ئەم بیرۆکەیە

بۆچوونی زۆر لەدژی ئەم بیرۆکەیە ڕاگەینرا. بە بڕوای من گرنگترینی ئەمانە لێدوانەکانی سەرۆکی کۆمسیۆنی کاری دەرەوەی پەرلەمانی بەریتانیا بوو. ئەو دەمە کۆمسیۆنی کاری دەرەوەی پەرلەمانی تورکیا سەردانی پەرلەمانی بەریتانیای کرد و منیش ئەندامی ئەو شاندە بووم. سەرۆکی کۆمسیۆنی کاری دەرەوەی پەرلەمانی بەریتانیا، لە کاتی سەردانەکەماندا کوتومت بەمجۆرە قسەی کرد: "ئێوە دەتانەوێ لە باکوری عێراق هەرێمێک لە دەرەوەی دەسەڵاتی سەدام دابمەزرێنن. دامەزراندنی هەرێمێکی وەها لەوێ بۆشایی دەسەڵاتی لێدەکەوێتەوە و ئەو بۆشاییەش زەمینە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی خۆش دەکات. ئایا ئێوە ئەگەرێکی وەهاتان لە بەرچاو گرتووە؟"

من خۆیشم هەر لەو باوەڕەدا بووم، بەڵام سەرۆکی کۆمیسیۆنەکەمان کە یەکێک بوو لە سەوداسەرانی ئوێزال، وەکو ئەوەی بیەوێ سەرۆکە ئینگلیزەکە ئازار بدات، وتی: "ئەرێ ئێوە بۆچی ئەوەندە لەدژی ئەم تێزەی سەرۆکوەزیرانی ئێمەن؟"

دوای تێپەڕبوونی 10 ساڵ

10 ساڵی بەسەردا تێپەڕی، ئەوەی پەرلەمانتارەکانی ئینگلیز وتیان بە تەواوی پێکهات. لەوێ بۆشایی دەسەڵات خوڵقێنرا و پ. ک. ک بە سودوەرگرتن لەو بۆشاییە لە هەرێمەکە جێگیر بوو و گروپە هەرێمیەکانی کورد پەرلەمانی خۆیان دامەزراند. ئەمەریکا و بەریتانیا تورکیایان خستە لاوە و دەستیان کرد بە جێبەجێکردنی نەخشەکانی خۆیان. ئێمەش نە هێزمان بەشی بەرپەرچدانەوەی هێزی چەکوشی کرد و نە توانیمان تەگەرە بخەینە ڕێی ئەو چالاکیە گلاوانەی کە لەدژی وڵاتی ئێمە ئەنجامیان دا، هەرچەندە کە لێشیان ئاگادار بووین. ئەگەر ئەم سەرگوزشتانە نەزانین، ئەوا مەحاڵە بتوانین وەڵامی پرسیاری "لە باکوری عێراق چی دەقەومێ؟ بۆچی ئەو ڕەفتارە لەدژی سەربازەکانمان ئەنجام دەدرێ؟" بدەینەوە. ئەگەر لە شوبهاندندا زیادەڕۆییم نەکردبێ، ئەوا دەڵێم تورکیا بۆ ڕاو چوو، بەڵام خۆی ڕاوکرا.

لای ئەمەریکا و لە جیهانی ڕۆژئاوا، تورکیا بەوە ناسراوە کە وڵاتێکی هێمنە و دەکرێ بە ئاسانی پارووی لە دەست بفڕێنرێ. ڕاستکردنەوەی ئەم تێڕوانینەش زۆر دژوارە، چونکە هەر کاتێک باسی تورکیا بکرێ، یەکسەر سوپای تورکیا و جەنەراڵەکانی بە خەیاڵی ئەمەریکادا دێت. ئەمەریکا مافی خۆیەت، چونکە

پایەدارانی ئێمە بە پەرلەمان و حکومەت و سەرۆککۆمارەوە وەکو پێویست کاردانەوەیان لەبەرامبەر پێشهاتەکانی باکوری عێراق نیشان نەدا. تەنانەت گەلی تورک و سەندیکا و ڕێکخراوە مەدەنیەکانیش کاردانەوەی پێویستیان نیشان نەدا. کاتێکیش باس لە کاردانەوە دەکەین هەڵبەتە کە دەبێ پێوەرێک و شێوازێکی خۆی هەبێت. بەڵام لێدوانەکانی لە جۆری "لەم کارەدا ئەمەریکاییەکان دۆڕاندیان"، "ئەگەر ڕۆژی یەکشەم سەربازەکانی ئێمەیان ئازاد نەکردایە، من کۆبوونەوەی پێویستم ساز دەکرد"ی لێپرسراوانی ئێمە، گوزارشت لە "بێچارەیی" لەبەرامبەر ئەو ڕەفتارە چەپەڵە دەکات کە دەرهەق بە ئێمە ئەنجامدرا.

دەمارگیری یان توڕەبوونی نەتەوەیی

خەڵکی تورکیا و ڕێکخراوە مەدەنیەکانی و پەرلەمان و حکومەت و سەرۆککۆمار، کاردانەوەیەکی وەهیان نیشان نەدا کە پێی بوترێ "دەمارگیری یان توڕەبوونی نەتەوەیی". دڵنیام ئێستا هەر تورکێک، "نەک تەنیا هەر سەربازەکانمان، هەست بەوە دەکەن کە تورەکە لەسەر کردن چ جۆرە چەوسانەوەیەکە. "

چ داخێکی گرانە ئەو زیانەی کە ئەم چەوساندنەوەیە بە وڵاتی ئێمەی دەگەیەنێ، هەر بە باکوری عێراقەوە ناگیرسێتەوە.

---

سەرچاوە: ڕۆژنامەی یەنی شەفەق 2003/7/21

www.kurdistannet.org کوردستان نێت